# لەبارەی زمانی کوردییەوە

## چاوپێکەوتنێکی خێرا لەگەڵ مامۆستای نووسەر موحسین جوامێر

### سازکردنی : محەمەد بەرزنجی

1 – ئایا بەکارهێنانی ئەلفوبێی لاتینی زەروورەتێکی ئەم سەردەمەیە بۆ پێشخستنی زمانی کوردی یان تەنیا تەقلیدی ڕۆژئاوایە؟

ئەم لاتینییە نەک هەر زەروورەت نییە، بگرە کارەساتێکە و بەسەقەتکردنی زمانی کوردی، دواییی دێ، چ لە شار و چ لە دێ.. ئەلفوبێی ئێستەی کوردی کە دەڵێی ڕۆژە و گزنگان داوێ، بای هەموو پێداویستییەکانی دەنگ و ڕەنگی زمانەکەمان دەکات و هیچی لە تورکی ناوێ.. دەتوانم بڵێم ئەوەندەی ئەم ڕێنووسە - دوای ئەوەی گۆڕانکاریی تێدا کرا و بە چەند قۆناغێکدا تێپەڕی - فریای نووسەری کورد دەکەوێت، ئەوەندە ئەلفوبێی فارسی - بۆ نموونە - دە هاواری فارسیزانێک نایەت، چ لە ڕووی نووسینی بابەتی زانستی یان تۆمارکردنی حەکایەت .. ئەو بانگەوازەی لەملا و لەولاوە دەکرێت، لە لێتۆژینەوەوە سەری هەڵنەداوە، بەڵکوو کاوێژکردنەوەی تەرح و تێزی ئەوان دوژمنانەیە کە تەنانەت چووکترین مافیان لە کورد؛ بەچاوە.

ئەوەی چینێکی بێئاگا دەهۆڵ و زوڕنای بۆ لێ دەدەن، ئەلفوبێی ئەتاتورکە، واتە کەمالیزەکردنی ئەلفوبێی کوردییە، زۆر نەک برۆکە.. جگە لەوەی پڕانیی ئەوانەی پڕوپاگەندەی بۆ دەکەن، لەم ڕێنووسە ناحاڵین و دەرکی ناکەن، چ ئەوانەی لە سلێمانین یا ئەوانەی دانیشتووی مەککەن. ئێمە، کاتێک لەبەرچاوی ئەورووپییان مەزن دەبین، کە کەسایەتیی خۆمان لە هەموو ڕوویەکەوە پاراست، نەک وەک تووتی بەدوایان کەوین چ لە کاری هەڵە یان ڕاست.

2– ئایا کاتێک کەمال ئەتاتورک ئەلفوبێی تورکیی لە تورکیا گۆڕی، زمانی تورکی پێش کەوت یان زیانی گەیاندێ ؟

ئێمە هەر چەندە - وەک کورد - ڕەخنەمان لە عوسمانییەکانیش هەیە، وەلێ نابێ چاو لە ڕاستییەکان پۆشین و لە گوتنی ئەوە سڵ بکەین کە گۆڕینی ئەلفوبێی عوسمانی بۆ لاتینی، سەدان ساڵ تورکی وەدوا خست و کاردانەوەیەکی زۆر خراپیشی بۆ سەر دنیای ناوچەکە هەبوو، جگە لەو پاشاگەردانییەی لە زمانی تورکیی پەیدا

کرد و ئەوەی هەیبوو؛ بوو بە نەبوو.

ئەوجا بە کەمالیزەکردنی ئەلفوبێی کوردی، هەمان شەق دەخۆین، بگرە زیاتریش، بە تایبەتی لە ڕووی شێواندنی فۆنێم و دەنگەکانی زمانی کوردییەوە کە هێندێکیان بزر دەبن و نایانبیستینەوە.. هەر بۆ نموونە تیپی (ح) یَ کە نزیکەی 600 وشەمان پێی دەست پێ دەکەن، خۆت خۆش.. ( حەپەسان ) دەبێتە ( هەپەسان )، ( حەز ) دەبێتە ( هەز )، ( حەسیر ) دەبێتە (هەسیر )، ( حیلەباز ) دەبێتە ( هیلەباز )، ( حیلکەحیلک ) دەبێتە ( هیلکەهیلک )، ( حەج ) دەبێتە ( هەج ) و تۆیش دەبیتە ( هاجی )، گوڵە ( حاجیلە ) دەبێتە ( هاجیلە )، ( حەبیبە ) ی گەردن کێل و بەژن زراڤەکەت دەبێتە ( هەبیبە ) ، ( حەیران ) دەبێتە ( هەیران )،( حەیوان ) دەبێتە ( هەیوان ) و کاکە ( حەمە ) دەبێتە ( هەمە ) و چ فەرقێکی نابێت لەگەڵ پلکە ( هەمە ) کە دایکی شیریم بوو لە سەدەی پێش ئەمە..جا ئاوان بێنە و دەستان بشۆ، هەم لەوەی تۆ هەتە و هەمیش لەوەی کە من هەمە.

هەمان شت لەگەڵ دەنگگەلی پیتانی ( ئ، ع ، غ ، ڵ ، ڕ ، وێ ) دا. نەبوونی تیپێکی وەک ( ع ) یش لە ئەسڵی کوردیدا، ڕێگەی ئەوە ناگرێت لە قامووسدا بنرێت و لەوێدا ئۆقرە بگرێت، مادەم مافی هەمیشەی پەنابەریی پێ درا.. ئەم دیاردەیەی وەرگرتن و بەموڵککردن و بەناوکردنی وشە یان تیپ، لە سەرجەم زمانانی دنیادا باوە، هەندێک فەرهەنگێکی تایبەتیشیان بۆ داناوە، وەک تورک. کورد، زیتر لە 200 وشەی عەینداری هەیە و جامانەی لەسەر داناون، وەک ( عەلاف، عەمر و عەشرەت ) و لە هەموو شوێنێکدا باوو بڵاون.

هەڵبەت دەبێ پرسەی یەکجارەکییش بۆ ( غەدر ) ، ( غاردان ) ، ( مەغدوور ) ، ( غەڕغەڕە ـ ئاو دە قوڕگ وەردان ) ، ( غەیرەدین ) و ( غەددار ) و دەستەخوشکەکانی، دابنێین، چونکە بە پێی یاسای ئەتاتورک دەبن بە : ( خەدر )، ( خاردان )، ( مەخدوور )، ( خەڕخەڕە )، ( خەیرەدین ) و ( خەددار ).!

3– ئایا لە بنچینەدا ئەلفوبێی کوردی بە تیپی لاتینی بووە ؟

بڕوا ناکەم ڕۆژێک لە ڕۆژان، کورد بێجگە لەم ئەلفوبێیە بە یەکێکی دیکەی نووسیبێت، ئەگەر هەبووبێ؛ پێم بڵێن .! تا ئێستە هیچ بەڵگەیەک لەدەستدا نییە، تەنانەت بۆ تورکییش. ئەگەر وا بووایە، مانای ئەوە بوو ئەتاتورک لە کوردانی وەرگرتووە.. ئەوێ دەمێ، چ کورتەک و شەڕواڵ لەبەر و چ ئەفەنی، دەمانگوت لە خۆمان خەنی.!

4– لە پرۆسەی خوێندندا هەندێک بانگەشەی ئەوە دەکەن، گوایە گەر ئەلفوبێی لاتینی بەکار بێت، دەبێتە هۆی پێشکەوتنی ئەم پرۆسەیە.. تا چەند لەگەل ئەو ڕایە دان؟

بانگەشەکە بێبەڵگە و بێمانایە. منداڵی کورد و خوێنەری کورد، هیچ گرفتێکی لەگەڵ ئەلفوبێی خۆیدا نەبووە و نییە، هەتا بکرێت بە لاتینی و بکەوێتە نێو ئەم دەرد و بەڵایە. تورکیش بەم تیپانەوە پێش نەکەوتووە، تا کورد

چاوی لێ بکات و قوربانیی بۆ سەربرێت و بکەوێتە هەڵپەڕین و سەمایە.

عیبرەت بەو ڕێبازەیە گەلان دەیگرنە بەر، وەک گەلی یابان و چین و جوولەکە و چەندین وڵاتی دیکەی دەوروبەر، کە ڕێنووسەکانیان تەنانەت بۆرە خزمایەتیشیان لەگەڵ لاتینیدا نییە، ئەوجا دنیایان بە هزر و بەرهەمیان خەنی کردووە، بێی ئەوەی لە پێستی خۆیان بچنە دەر. ئەگەر پێشکەوتنی گەلان بە بەکارهێنانی پیتی لاتینی بووایە، دەبووایە سۆماڵییەکان کە بەو تیپە دەنووسن، لە لوتکەی شارستانییەت بووایەن و مانگی دەستکردیان هەبووایە.!

5- گۆڕینی ئەلفوبێی کوردی بۆ لاتینی بە ڕای جەنابتان چەند لەگەل واقیعی کۆمەڵایەتی و دەروونی و مێژوویی گەلی کوردا دەگونجیت لە ئەمرۆدا ؟

چەند فکری کەمال پاشا سوودی بۆ کوردان هەبوو، ئەلفوبێیەکەیش هەر ئەوەندە.. وەکوو تورکان؛ لە ڕۆژهەڵات دادەبڕێین و ناشبین بە ڕۆژئاوایی، لە قەلانیش دەبین و لە کۆترانیش؛ بە وێ ئاوایی. ئەو بۆچوونەی لاتینی، دەرهاوێشتەی هەست بەکەم زانینی ئێمەیە، بە تایبەتی لە بەرانبەر تورکاندا چ لە بەرێ یان لە دوایی.

ئەسڵەن، ئێمە دەتوانین ئەو ئەلفوبێیە خۆماڵییە پڕبە پێستەی هەمانە، نەیخەینە نێو هەمانە، بگرە بیکەین بە چەکی سیاسیی بەرخۆدان و داکۆکی لەمافی ڕەوای خۆمان لە باکووری کوردستان و بیکەین بە خاڵی ماڵئاوایمان لە فاشیستان و لەو شارستانییەتەی کە نییانە.. نەک بچین کلکیان بگرین، کە تەنانەت بە مەیشەوە لێمان قایل نابن و نە گەرەکیانە.

6- بەکورتی چۆن دەڕوانیتە زمانمان؟

ئەگەر سنوورێک بۆ ئەو گەڕەلاوژەیەی هەنووکە لە نووسین و ڕێنووسدا سەری هەڵداوە، دابنرێت و هزری لاتینییش فت بکرێت، ئەوا نە زمان و نە ڕێنووسمان، عەیبێکی ئەوتۆیان نیە هەتا پەنا ببەینە بەر زمان و ئەلفوبێی تورکان و ئەوان دیاری کەن چارەنووسمان.. بەڵکوو لەچاو زۆراندا ئێمە لە لوتکەین، چ لە نێو گەلانی ئاریدا یان لە نێو ئالی عوسمان.

ئەمرۆ، گەورەترین مەترسیی ئێمە لەوە دایە، ببین بە چەند لەهجە، کە هەندێ کەس ئێستە مەگیرانیی پێوە دەکەن، هەر دەڵێی خێرەکەی بەقەد یەک حەجە.! ئەنجامەکەیش، پاش ئەوەندە خەباتە هاوبەشە، ئەوەیە، کورد دەبێت بە چەندین نەتەوە لە هەر کوێیەکی هەیە، چ لە دیاربەکر یان لە هەڵەبجە.

ئێمە لە بری ئەوەی خۆمان بە ئەلفوبێی لاتینییەوە خەریک بکەین، بلا بێین نەهێڵین ئەو زمانەیەکگرتووەی

زێتر لە سەد ساڵە بووەتە ئاگردانی هەمووەمان و ئەمڕۆ ( زوبدەی مەتاعی دنیا )مانە، کوێر ببێتەوە و بە دەستی ئەولادی کورد بکرێت بە چەندین زمان و کوردیش بکرێت بە شعوب و قەبائیل و ئەوەی ئەتاتورک خەیاڵی بۆ نەدەچوو؛ بیهێنینە دی، ئەوسا ببینە مەسخەرەی دەستی پیاوی نەدی و بدی.

2007/07/14

mohsinjwamir@hotmail.com

سەرنج : ئەم هەڤپەیڤینە بۆ یەکەم جار لە ماڵپەڕی ئیسلام پەیک ـ ەوە بڵاو کرایەوە.